**وەزارەتـی پـلانــدانـــان**
**ژمارە : ٣٣٧٥ لە ٢٠١١/٨/٨**

## بەيانی ژمارە (١)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە بەهەمواركردنەوەی ڕێنماییەكانی گرێبەستە گشتیەكان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ بەم شێوەی لای خوارەوە :
هـەڵوەشانـدنـەوەی بـڕگـەكانی دووەم تاكـو هـەشـتەم لـەمـاددەی (١٠)ی ڕێنماییەكـانـی گـرێبەسـتە گـشتیەكان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ .

**د. علی سندی**
**وەزیری پلاندانان**

---

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســـتی**
**ژمارە : ٧٥ ، ٧٦ لە ٢٠١١/٨/٨**

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی كوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

- ❖ گۆڕینی (هۆبەی هەڵسەنگاندنی جێ بەجێ كردن) بۆ (بەشی بەڕێوەبردنی جۆریەتی) كە چوار هۆبە لەخۆ دەگرێت (دڵنیایی جۆریەتی - چاودێری جۆریەتی – پەرەپێدانی جۆریەتی – بەدواداچون و پەیوەندیەكان – متمانە بەخشین) لەفەرمانگەی تەندروستی سلێمانی .
- ❖ كردنەوەی ئەم سێ (٣) هۆبەیەی كەلە خوارەوە ئاماژەی پێ كراوە لەفەرمانگەی تەندروستی هەولێر :

١. هۆبەی دەزگا تەندروستیە میریەكان .
٢. هۆبەی دەزگا تەندروستیە نامیریەكان (ناحكومیەكان) .
٣. هۆبەی سكاڵا .

لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د. طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزیـــری تـــەنـــدروســـتی**